# مەراسیمی کردنەوەی حزبلەمان !!

**نوری بێخاڵی**

وەك بینیمان ئەزمونی کۆنی پەرلەمان نەیتوانی خاوەنی شوناس و ئیرادە و سەروەری خۆی بێت ، نەك تەنها لەبەر ئەوەی باباکانی حزب کردبویان بە دەسکەلای خۆیان، بەڵکو لەبەرئەوەش کە خودی پەرلەمانتێرەکان ئەو دەنگە نەبوون بتوانن و بوێرن فزە لەبەردەم حزبدا بکەن و، تەنانەت وەك ئیمانێکی لاوازیش لەبەر بەرژەوەندییەکانیان هەڵوێستێکیان نەنواند مێژوو بۆیان بنوسێت.. ... پەرلەمانی کۆن نەیتوانی ئەو جێگا ئومێدەی خەڵك بێت ، کە چاوەڕانی دەسکەوتی گرنگی لێبکەن ..ئەو پەرلەمانە لەکۆی هەنگاو و کارەکانیدا، دیوی دووەمی حزب و ، بەردەستی گوێڕایەڵی حزب بوو..کائینە شەرمنەکانی ناوی ئەو داشانە بوون کە مەکتەبە سیاسییەکان ، بە میزاجی حزبیانەی خۆیان راست و چەپییان پێدەکردن ...ئەو پیاوە بێدەسەلاتانە بوون کە ئێستاشی لەگەڵ دابێت زاتی ئەوەیان نەکرد بپرسن داهاتی ولات چەندە و، بۆ شەڕەکانی حزب گوێزرانەوە ناو پەرلەمان و حکومەت و، لەبەرچی ئیرادەی سیاسی کەرتکرا و، خەڵك کرایە نێچیری بەردەم بەزەیی حزب ، حکومەت و پەرلەمان کە لە خەڵکەوە بوون و ، بەنیازی ئەوەبوون بۆ ئەوان بێت بە بێ جیاوازی ئینتماکانیان ، کەچی بوونە موڵکی هەندێك و زۆرینەش لە نیعمەتەکانی بێبەش بوون؟؟ پەرلەمانتێرانێك کە هەر لە رۆژی ئەوەڵ و، لە دانیشتنی یەکەمدا نەیانزانی بۆ رۆژێك و لە کۆبوونەوەیەکدا ئالای کوردستان لە هۆڵەکە دادەنرێت و، رۆژی دواتر و لە دانیشتنێکی تردا نامێنێ..

خەڵك بە سادە و ساویلکەیی خۆی ، چەند خەیاڵ پلاویانە جارێکی تر ئومێد و هیواکانی دایەوە دەست پیرە پەرلەمان ، بەو بڕوایەی گوایە خوێنێکی تر .. نەوەیەکی تر .. هێز و گوڕێکی نوێ دێتە مەیدان، بەلەبیرکردنی ئەو راستییەی کە جەولەی ئەمجارەش ، هەمان تاس و حەمامی پێشووە .راستە سیما و روخسارو قیافەکان گۆڕاون ...بەڵێ هەندێ کورسی کرانە سەدەقەی موجامەلە ..بەلام خەڵك خۆشباوەڕانە خەیاڵیان بۆ ئەوە نەچوو کە ئەگەر ئەمجارەش دوو هێزەکە سەرپشکی بڕیارەکان نەبن، پەرلەمان نەك کۆنابێتەوە، بەڵکو بێ ئەدەبی کرد ئەوکەسەی بڵێ بۆ کۆنابنەوە، بە خودی ئەندام پەرلەمانەکان و، ئەو حزبانەش کە پشکیان لە سەدەقەکەدا بەرکەوت و ، میزڵدانی هەڵوێستەکانیان بە چەند کورسیەك فش کرایەوە !!

ئێستا باشتر وایە لافیتەیەك ، یان تابلۆیەك کە بەگەورەیی و هەردوو رەنگی _ سەوز و زەرد _لێی نوسرابێت (بارەگای هاوبەشی مەکتەبی سیاسی یەکێتی وپارتی – پەنا بەخوا و بەم زوانە ، بەئامادەبونی جەماوەرێکی زۆری بێدەنگ و نوێنەرانی حزبگەلێکی پاشکۆی خێرپێکراوی بێ هەڵوێست دەکرێتەوە ) و، لە جیاتی تابلۆ بێناز و ناوەڕۆکە جێگیرەکەی (ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان) بەبەرۆکی بالاخانەکەدا هەڵبواسرێ و...... بۆ حکومەتی بڕیاربەش و سامانبەش و بەرژەوەندی بەش( ببورن حکومەتی بنکەفراوانی یەکگرتووی نیشتمانی) ش ، سەرخەوێکی خۆش بشکێنن و، هاکا بۆ موژدەی مەراسیمی ئەویش خەبەرتان کرایەوە!!